هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF Labor and Social Affairs

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة العمل والشؤون الاجتماعية
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە: ١٢٢٠
ڕێکەوت: ١٠
No:
Date: 19 / 2 / 2016

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٨) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ئەم ڕێنمایییەمان دەرکرد:

MoISA4/1-1.1
MoISA4/1-1-3

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦)

## تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق

MoISA4/1.4.1
MoISA4/2.1.2

**ماددەی یەکەم:**

کەمئەندام و خاوەن پێداویستییەکانی تایبەت لە کۆمەکی کەمئەندامی سوودمەند دەبێت بە پێی ئەم مەرج و ڕێوەرانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دەبێت هەڵگری ناسنامەی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت بێت کە تیایدا ناوی جۆری کەمئەندامی و ڕێژەی پەککەوتەکەی تێدا تۆمارکرا بێت کە لە لایەن ب. گ. چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگاکان دەردەچێت.

**دووەم:** ڕێژەی پەککەوتەیی لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆر لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی دیاریدەکرێت دوای جێگیربوونی.

**سێیەم:** یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوەی لەسەری جێ بە جێ بکرێت لەو ڕێژانە و بەرەو ژوور:

MoISA4/1-1-4

أ- جەستەی بزوێنی ٦٥٪
ب- نابینایان ٦٥٪
ج- نابیستان ٧٠٪
د- بیرکۆڵ ٦٥٪
هـ- مەنگۆل ٨٠٪
و- تالاسیما ٦٠٪
ز- هیمۆفیلیا ٦٠٪
ح- ئۆتیزم ٨٠٪
ط- شیزۆفیرینیای توند ٦٠٪
ی- ئیفلیجی مێشک ٨٠٪

چوارەم: ئەوکەسانەی کەشایستەن بە ئیمتیازاتە داراییەکان بە پێی برگەکانی ماددەی شەشەم
لە یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠١١) تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت:

أ- کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتی فەرمانبەر لە کەرتی گشتی:
بۆ سوودمەند بوونی لە بری پەککەوتەیی، دەبێت ڕێژەی پەککەوتنەکەی (٧٠٪) و سەرەوەتر بێت.

ب- کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتی کارمەند لە کەرتی تایبەت:
ئەگەر هاتوو مووچەکەی زیاتر بێت لە کەمترین ڕادەی مووچەی فەرمانبەری کەرتی گشتی، بۆ سوودمەند بوونی لەبری پەککەوتەیی، دەبێت ڕێژەی پەککەوتنەکەی (٧٠٪) و سەرەوەتر بێت.
ج- خاوەن داهاتی جێگر: ئەگەر داهاتەکەی لەکەمترین ڕادەی مووچەی فەرمانبەری کەرتی گشتی زیاتربێت، بۆ سوودمەند بوونی لەبری پەککەوتەیی، دەبێت ڕێژەی پەککەوتنەکەی (٧٠٪) و سەرەوەتر بێت.

د- سەبارەت بەکەسانی بەساڵاچوو: بۆ سوودمەندبوون لەبری پەککەوتەیی، تەمەنی زیاتر لە {(٥٥) ساڵ بۆ ئافرەتان و ٦٠ ساڵ بۆ پیاوان)} ناو تۆمار ناکرێت، تەنها ئەگەر ڕێژەی پەککەوتنەکەی (٧٠٪) وسەرەوەتر بێت و لەئە نجامی ڕووداوێک یان بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆ پەککەوتنەکە دروست بوو بێت و بە پێی بڕیاری لیژنەی پزیشکی.

هـ- کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتی بەدەر لەم خاڵانەی سەرەوە، بە ئاسایی و بە گوێرەی ڕێژەکانی هاتوو لە ماددەی (یەکەم)/ برگەی (سێیەم) ی ئەم ڕێنماییە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت بۆ شایستەیی و سوودمەند بوونیان.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:**
أ- هەرکەسێکی پێگەیشتوو تەمەنی (١٨) ساڵ بێت، باڵای لە (١٣٢) سم بۆ ئافرەتان و (١٤٢) سم بۆ پیاوان، بە کورتە باڵا دادەنرێت، ڕێژەی پەککەوتنی لە نێوان (٤٠-٥٠٪) بۆیان دادەنرێت.
ب- سەرەرای خاڵی سەرەوە ئەگەر هاتوو کورتە باڵاکە لەکاتی دیاریکردنی جوڵانەوەی جومگەکانی (تحدد حركة المفاصل) سووک و مامناوەندی بێت، ڕێژەی پەککەوتنی لە نێوان (٥١-٧٤٪) بۆیان دادەنرێت.
ج- ئەگەر هاتوو لەکاتی دیاریکردنی جوڵانەوەی جومگەکان زۆر توند بێت، هەروەها شێواندنی جومگەی لەگەڵ بێت، ڕێژەی پەککەوتنی لەنێوان (٧٥-١٠٠٪) بۆیان دادەنرێت.

**دووەم:**
لیژنەکانی پزیشکی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی: لە کاتی دانانی ڕێژەی پەککەوتن بۆ کورتەباڵاکان ڕەچاوی حاڵەتی (دەروونی و عەقلی) بکەن.

19/4/2016 Hadi

Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەداڵە (0662231015 -0662231014)
العنوان: أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

**ماددەی سێیەم:**

ڕێژەی کەمئەندامی کۆناکرێتەوە و تەنیا بەرزترین ڕێژە ئەژماردەکرێت بۆ سوودمەندبوون لە کۆمەکەکە لە هەرحالەتێکی سەرەوە.

**ماددەی چوارەم:**

هەر سوودمەندێک دوای ئەوەی کۆمەکی بۆ تەرخانکرا:

یەکەم: ئەگەر تا (٦) شەش مانگ لەسەر یەکتر کۆمەکەکەی وەرنەگرێت، پاشان گەرایەوە بۆ داواکردنی، کۆمەکە مانگانەکانی بۆ دەگەرێتەوە.

دووەم: ئەگەر پاش (٦) شەش مانگ تا ساڵێک لەسەر یەکتر کۆمەکەکەی وەرنەگرێت، ئەوا کۆمەکەکە ڕادەگیرێت و دەکرێت بە (ئەمانەت) و ئەگەر بیانووی یاسایی پەسندکراوی پێشکەش کرد ئەوا کۆمەکەکەی بۆ دەگەرێندرێتەوە بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

سێیەم: بەڵام ئەگەر لە ساڵێک زیاتر لەسەر یەکتر کۆمەکەکەی وەرنەگرێت بەهەر بیانوویەک ئەوا کۆمەکەکەی دەبڕێت و دەبێتە داهات بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی کەمئەندام دووبارە سوودمەند بێتەوە دەبێ سەرلە نوێ داواکاری پێشکەش بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەو کەسانەی حوکمەکانی ماددەی (یەکەم) دەیانگرێتەوە ، مافی کۆمەکێکی سەرباریان هەیە کە بەم شێوەیە دەبێت (کۆمەکی پاراستنی کۆمەلایەتی x ڕێژەی پەککەوتن).

بۆ نموونە: ئەگەر ڕێژەی پەککەوتەیی ٦٠٪ بێت ئەوە هاوکارییەکە بەم شێوەیە دەبێت (١٥٠٠٠٠ x ٦٠٪) = ٩٠٠٠٠ نۆهەت هەزار دینار.

**ماددەی شەشەم:**

ئەو کەسانەی مووچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن و حوکمەکانی ماددەی (یەکەم) دەیانگرێتەوە ، مافی وەرگرتنی لەبری کەمئەندامیان هەیە و یەکسانە بە دوو لەسەر سێ ی ٢/٣ بری کۆمەکی پاراستنی کۆمەلایەتی. کەلە ئێستادا ئەو بڕە (١٥٠) هەزار دینارە، ئەوا بڕی کەمئەندامیان (١٠٠) هەزار دینارە.

**ماددەی حەفتەم:**

تەرخان کردن بۆ چاودێری کردنی کەمئەندام (خۆتەرخانکەر):

یەکەم: هەر کەسێک خۆی بۆ چاودێری کردنی کەمئەندامێک یان خاوەن پێداویستی تایبەت تەرخان کرد کە ناتوانێ بەدەم خواستی ئاساییانەی ژیانی خۆیەوە بچێت، هەروەها بۆ بەجێ گەیاندنی پێویستییەکانی و چاودێری کردنی پێویستی بە کەسێکە هەمیشە لەگەڵیدا بێت، مافی هەیە سوود لە کۆمەکی خۆتەرخان کردن ببینێت، بە پێی ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ ئاماژە پێکراو.

دووەم: مەرج نیە کەم ئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت سوودمەندی کۆمەکی کەمئەندامی بێت، بەڵکو مافی هەیە خۆتەرخانکەری بۆ دابین بکرێت.

19/4/2016 Hadi

Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
ناونیشان: هەولێر - بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن) - ژمارەی بەدالە (0662231014-0662231015)
العنوان: أربيل - مقابل المكتبة العامة القديم - رقم البدالة (0662231014-0662231015)

**ماددەی هەشتەم:**

مەرجەکانی کەسی خۆتەرخانکەر:

**یەکەم:** پێویستە لەرووی جەستەیی و دەروونییەوە بەتواناو گونجاو بێت بۆ چاودێریکردنی کەسی کەمئەندام.

**دووەم:** پلەی خزمایەتی زۆر نزیک بێت لە کەمئەندام و لە ئەندامانی خێزانەکەی خۆی بێت، ئەگەر ئەبوو ئینجا لە دەرەوەی خێزانەکەی بێت بە پێی پلەی نزیکی خزمایەتی، وە شوێنی نیشتەجێبوونی نزیک بێت لە کەمئەندام ، وە بۆ کەمئەندامی منداڵ لەخوار تەمەنی ( ١٢ ) دوازدە ساڵ دەبێ دایکی خۆی ببێتە خۆتەرخانکەر بۆ بەخێوکردنی.

**سێیەم:** خۆتەرخانکەر دەبێ بەلێننامە بدات کە هیچ کارێکی تر نەکات. ئەگەر دوایی دەرکەوت کە کاری تر دەکات ئەوە:

أ- مۆڵەتی خۆتەرخانکردنەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە.

ب- بەغەرامەیەك سزا دەدرێت بە پێی ماددەی (دەیەم )ی ئەم ڕێنماییە.

ج- نابێت هیچ کەسێك لەیەك کاتدا خۆی بۆ بەخێوکردنی زیاتر لە دوو کەمئەندام تەرخان بکات .وەدەبێت ئەو دوو کەمئەندامە لە یەك ماڵدا بن .

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** ڕێژەی پەككەوتن بۆ مەبەستی بەخێوکردن دەبێت بەرێژەی ١٠٠٪ بێت. کە لەلایەن لیژنەی پزیشکیەوە دیاری دەکرێت، وە بۆ نەخۆشیەکانی ( ئۆتیزم و مەنگۆلی و بیرکۆلی ) دەبێت ڕێژەی پەككەوتنەکە ( ٨٠٪ ) وسەرەوەتر بێت.

**دووەم:**

أ- لیژنەیەکی باڵا پێك دەهێندرێت لە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی بە سەرۆکایەتی بەرێوەبەری گشتی و بە ئەندامیەتی هەریەك لە بەرپرسی یاسایی و توێژەرێکی کۆمەلایەتی و دەروونی بۆ پێویست بوونی کەمئەندام بە خۆتەرخانکەر وە دەستنیشان کردنی کەسی خۆتەرخانکەر.

ب- لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە توێژەرانی کۆمەلایەتی و دەروونی بە بریاری بەرێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی بەمەبەستی بەدواداچوونی کاری خۆتەرخانکردن و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بۆ لیژنەی باڵای ئاماژەپێکراو و بەرپرسیارە لەو زانیاری وهەڵسەنگاندنانەی کە پێشکەشی دەکات .

**ماددەی دەیەم:** حوکمە سزاییەکان:

**یەکەم:** بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، بۆ هەر کەسێك خۆی بۆ چاودێری کردنی کەمئەندامێك یان خاوەن پێداویستییەکی تایبەت تەرخان کرابێت و کەمتەرخەمی لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکەیدا دەکات یان لە بەجێ گەیاندنی ئەوەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە پێویستە، سەرباری برینی قەرەبووکردنەوەو گەڕاندنەوەی مووچەی ماوەی ڕابردووی مۆڵەتی خۆتەرخان کردنەکەی.

**دووەم:** وێرای پێشێل نەکردنی یاسا ورێساو ڕێنماییە کار پێ کراوەکان لە هەرێمدا. بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥،٠٠٠،٠٠٠) پازدە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، خاوەنی ئەو پرۆژەیەی کە پەیوەست نابێت بە مەرج و مواسەفاتی جیهانی و تەکنیکی و ئەندازەیی و تەلارسازی کە دەبێ لەو بینا و دامەزراوانەی کە دروستیان دەکات هەبن، بەو جۆرەی کە لەگەڵ حالەتی کەسانی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستیی تایبەتدا ناگونجێن.

19/4/2016 Hadi

**ماددەی یازدەم :**

**لەدوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە کار بە هیچ ڕێنماییەکی پێشووتر ناکرێت.**

**ماددەی دووازدەم :**

**ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت ولە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێت.**

**محمد قادر محمد**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

وێنەیەك بۆ /

- وەزارەتی داد ، ڕۆژنامەی وقائیعی کوردستان.لە گەڵ ( CD ) بۆ بڵاوکردنەوەی ، لە گەڵ ڕێزدا .
- ب . گ . چاودێری وگەشەپێدانی(کۆمەڵایەتی هەولێر ،سلێمانی ،دهۆك ، گەرمیان) ، بۆ کاری پێویست ، لە گەڵ ڕێزدا .
- ب. کاروباری یاسایی / لەگەڵ بەراییەکان .
- خولاو .

19/4/2016 Hadi

Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
ناونیشان: هەولێر - بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231014- 0662231015)
العنوان : أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم - رقم البدالة (0662231014-0662231015)